**بەناو خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٣**
**مێژووی بڕیار: ١٩٩٧/٣/١٩**

**«بڕیار»**

بەپێی حوکمەکانی برگە «٤»ی مادده «٥٦»ی یاسای ژمارە «١»ی ساڵی ١٩٩٢و لەسەر داوای بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران. ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ئاسایی رۆژی ١٩٩٧/٣/١٩ی دا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

١- بڕوادان بە بەڕێز عبدالجلیل فەیلی - بۆ وەزیری هەرێم.
٢- پێویستە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق ئەم بڕیارە جێبەجێ بکات.
٣- ئەم بڕیارە لەرۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی رەسمیشدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

---

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**باسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان العراق**
**رقم القرار: ٣**
**تأريخ القرار: ١٩٩٧/٣/١٩**

**« قرار »**

استناداً الى احكام الفقرة «٤» من المادة «٥٦» من القانون رقم «١» لسنة ١٩٩٢، وبناءً على ما عرضه السيد رئيس مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته الاعتيادية المنعقدة بتأريخ ١٩٩٧/٣/١٩ اصدار القرار الآتي:

١ - منح الثقة للسيد عبدالجليل فه يلي - وزير الاقليم.
٢- على مجلس وزراء أقليم كوردستان العراق تنفيذ هذا القرار.
٣- ينفذ هذا القرار من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**جوهر نامق سالم**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٤**
**مێژووی بڕیار: ١٩٩٧/٣/١٩**

**«بڕیار»**

بەپێی حوکمەکانی برگەکانی «١و ٥»ی ماددەی پەنجاو شەشەمی یاسای ژمارە «١»ی ساڵی ١٩٩٢و لەسەر داوای وەزیری دارایی و ئابووری و رەزامەندیی ئەنجوومەنی وەزیران لەسەری، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەدانیشتنی رۆژی ١٩٩٧/٣/١٩دا ئەم یاسایەی خوارەوەی دەرکرد.

## یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق
## یاسای ژمارە «١»ی ساڵی ١٩٩٧

**ماددەی یەکەم:**

أ- ئەم خەرجیە بەردەوامانەی خوارەوە بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و وەزارەتەکان و کارگێڕییەکانی هەرێم بۆ ساڵی ١٩٩٧تەرخان دەکرێن. کە ئەم کۆژمە پارانەن.
«٨٠٠ر٧١٧ر٢٨٥ر٢»دینارو «١٧٠» هەزار دۆلاری ئەمریکییە.

ب - ئەم پارانەی خوارەوە بۆ بودجەی فەرمانگەو کۆمپانیای کە خۆیان بەڕێوەدەبەن بۆ ساڵی ١٩٩٧ تەرخان دەکرێن کە «٨٠٠ر٧٦٨ر٥٤٩» دینارە.

ج - بۆ بودجەی نەخشەکێشانی گشتی ساڵی ١٩٩٧ گۆژمە پارەی «٠٠٠ر١٦٠ر٦٨٤» دینار تەرخان دەکرێ.

**ماددەی دووەم:**

داهاتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ١٩٩٧، «٤٩٢ر١٧٠ر٦٣٦ر١» دینار دەخەمڵێندرێ.

**ماددەی سێ یەم:**

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان، بەپێی ئەو داهاتە داراییەی دێتە دەستی پارەی ژمێریاری وەزارەتەکان و هەموو کارگێڕییەکان دابین دەکات.

**ماددەی چوارەم:**

سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بۆی هەیە گوێزانەوە لەناو بودجەی تایبەتی ئەنجوومەندا بکات.

**ماددەی پێنجەم:**

دەسەڵات بە وەزیری دارایی و ئابووری دەدرێ تا گوێزانەوە لەنێوان تەرخان کراوی یەک دەروازە

بکات، جگە لە فەسڵی مووچە، ئەویش دەشێ بۆی بگوێزرێتەوە، بەڵام ناشێ لێی بگوێزرێتەوە.

**ماددەی شەشەم:**

وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە گوێزانەوە لەنێوان تەرخان کراوی دەروازەکانی بکات، بەمەبەستی پاشەکەوت کردنی توانای خەرج کردن بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتییانەی کەبڕیاری لێکردنەوەیان لەوەزارەتێک و لکاندنیان بە وەزارەتێکی دیکەوە دەدرێ.

**ماددەی حەوتەم:**

دەسەڵات بەوەزیری دارایی و ئابووری دەدرێ کە لە تەرخان کراوی گشتی پەسەندکراوی ساڵی ١٩٩٧ بەڕێژەی «١٪» لەکۆی گشتی ئەو تەرخان کراوە بخاتە سەر کۆی گشتی تەرخان کراوی پەسەندکراو لە بودجە بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە:

١- تەرخان کردنی پارەی پێویست بۆ بودجەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییانەی کە لەو ساڵەدا دروست دەکرێن.

٢- تەرخان کراوی نوێ بخرێتە سەر بودجەی وەزارەت و کارگێڕییەکان بۆ ئەو بارە کتو پڕیانەی کە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دەدات.

**ماددەی هەشتەم:**

وەزارەتی دارایی و ئابووری یەکەکانی (مفردات) میلاکەکانی هەموو وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی ١٩٩٧ ئامادە دەکات و بەپێی پارەی مووچەی پەسەندکراو لەبودجەدا پەسەندی دەکات.

**ماددەی نۆیەم:**

پێویستە لەسەر وەزیری دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست بۆ دانانی ڕادەی دەسەڵاتی خەرج کردن بۆ بەڕێوەبەرایەتییە حکومەتییەکان دەربکات لەماوەیەکدا کە لە دوو هەفتە لەمێژووی دەرچوونی ئەم یاسایە تێپەڕ نەکات.

**ماددەی دەیەم:**

وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان کردنی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی یازدەیەم:**

ئەم یاسایە لەڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاو دەکرێتەوەو لەڕۆژی (١٩٩٧/١/١)ـەوە جێبەجێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

بسم الله الرحمن الرحيم
بأسم الشعب
**المجلس الوطني لكوردستان العراق**
رقم القرار: ٤
تأريخ القرار: ١٩٩٧/٣/١٩

## « قرار »

استناداً لاحكام الفقرة «١و٥» من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم «١» لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ماعرضه وزير المالية والاقتصاد وبموافقة مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ ١٩٩٧/٣/١٩ اصدار القانون الآتي:

## قانون موازنة اقليم كوردستان العراق
## القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٧

**المادة الاولى:**

أ - يرصد للنفقات الجارية للمجلس الوطني لكوردستان العراق والوزارات وادارات الاقليم لعام ١٩٩٧ مبالغ مجموعها ( ٨٠٠ر٧١٧ر٢٨٥ر٢ ) دينار مع «١٧٠» ألف دولار أمريكي.

ب - يرصد لموازنة الدوائر والشركات ذات التمويل الذاتي لعام ١٩٩٧ مبالغ مجموعها «٨٠٠ر٧٦٨ر٥٤٩» دينار.

ج - يرصد لموازنة الخطة لعام ١٩٩٧ مبالغ مجموعها «٠٠٠ر١٦٠ر٦٨٤» دينار.

**المادة الثانية:**

تخمن ايرادات اقليم كوردستان العراق بمبالغ مجموعها (٤٩٢ر١٧ر٦٣٦ر١) دينار لعام ١٩٩٧.

**المادة الثالثة:**

تتولى وزارة المالية والاقتصاد لأقليم كوردستان العراق تمويل حسابات الوزارات والأدارات وفق الموارد المالية المتاحة.

**المادة الرابعة:**

لرئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق اجراء المناقلة ضمن الميزانية الخاصة بالمجلس.

**المادة الخامسة:**

يخول وزير المالية والاقتصاد صلاحية المناقلة بين اعتمادات الباب الواحد بأستثناء فصل الرواتب حيث يجوز النقل اليه ولايجوز النقل منه.